ئەعرەجی داوا لە هێزە نیشتمانییەکان دەکات پشتگیری لە هاوکانی حکومەت بکەن لە دانوستانەکانی لەگەڵ هاوپەیمانی نوودوەتیدا



ئەمە پەنجشەممە، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی قاسم ئەعرەجی، داوای لە هێزە نیشتمانییەکان کرد کە پشتگیری لە هاوکانی حکومەت بکەن لە دانوستانەکانی لەگەڵ هاوپەیمانی نوودوەتیدا.

ئەعرەجی لە پۆستێکیدا لەسەر پلاتفۆرمی (X) رایگەیاند: بە هێز و ئیرادە و خۆڕاگرییەوە بەردەوام دەبین لە کارکردن، بۆ پاپشتیکردنی کارەکانی لیژنەی سەربازی عێراق، کە لەگەڵ هاوپەیمانی نوودوەتی دانوستان دەکات بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی هەمەلایەنەی عێراق و ئەمریکا و ڕێکخستنەوەی پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانی نوودوەتی بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە وڵاتەکەماندا، بەتایبەتی لەگەڵ پەرەپێدانی گەورەی توانای جەرە جیاوازەکانی هێزە چەکدارەکانمان.

ئاماژەی بۆشکرد: پێویستە هەموو هێزە نیشتمانییەکان پاپشتی هاوکانی حکومەت بکەن بۆ سەرخستنی ئەو دانوستانانە، هەروەها دەستەوتەکانی عێراق بپارێزن کە بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری نابن